# دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان




# گرینگی بابەتەکە


- جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و پلەی چرییان و تواناکانی زەوی لە دابین کردنی پێداویستییەکان و ڕاددەی ئەو پاڵە پەستۆیەی دانیشتوان لە ئێستا و داهاتوودا دروستی دەکەن لەسەر ئەو ڕووبەرە زەوییانەی کە لەسەری دەژین، لە گرنگترین ئەو گرفتانەن کە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆیی گیرۆدەی دەبێت،
- چونکە وەك ئاشکرایە دانیشتوان لە هیچ هەرێم و ناوچەیەك بە شێوەیەکی چۆنیەك دابەشنابن و قەبارەشیان بە پێی کات و شوێن لە ئەنجامی هەردوو جووڵەی سروشتی و شوێنجێییەوە گۆڕانیان بەسەرداد‌یت، هەوڵدان بۆ زانین و بەرجەستە کردنی ئەم گۆڕانانەش ڕێگا والاّ دەکەن بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوان
- وێڕای زانینی گشت ئەو فاکتەرانەی لە پشت ئەم جیاوازیانە وەستاون، لە میانەی زانینی ئەو گۆڕان و جیاوازیانەش دەکرێت گرفتەکان دیاریبکرێن و پلانی گونجاویش بە مەبەستی چارەسەرکردنیان دابندرێت. لەم سۆنگەوە ئەم بابەتە بایەخێکی زۆری پێدەدرێت لەو وڵاتانەی کە پرۆژەکانی پەرەپێدان لەسەر بنەمای پلانی زانستی دادەرێژن، چونکە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و پەرەپێدان پەیوەندییەکی ئاڵوگۆرکارە و هەر یەکێکیان کاردەکەنە سەر ئەوی تر و دەکەونە ژێر کاریگەری یەکتری
- پالپشت بەست بەم ڕاستییە پسپۆرانی بواری نەخشەکێشان بایەخێکی زۆر بە قەبارە و جیاوازی دابەشبوون و چری دانیشتوان دەدەن لە کاتی ڕەنگ ڕێژکردنی هەر پلانێکی پەرەپێدان، لەم ڕوانگەشەوە لێکۆڵینەوە لە دابەشبوونی دانیشتوانی لە هەر هەریم و ناوچیەك بایەخی خۆی دەبیت .

# ژمارەو ریژەی دانیشتوان بە پیی کیشوەرەکان

| کیشوەر | ژمارەی دانیشتوان بە ملیون | % ی لە دانیشتوانی جیهان |
|---|---|---|
| ئاسیا | ٤٢٤٢ | ١.٦٠ |
| ئەفریقیا | ٩٧٠ | ٨.١٣ |
| ئەوروبا | ٧٩١ | ٣.١١ |
| ئەمریکای باشوور | ٦٠٥ | ٦.٨ |
| ئەمریکای باکوور | ٣٥٧ | ١.٥ |
| ئوسترالیا | ٣٥ | ٥.٠ |
| جیهان | ٧٠٠٠ | ١٠٠ |

# دابەشبوونی دانیشتوانی جیهان ئاماژەیە بۆ ١٠٠٠٠٠ کەس






# زۆرترین ژمارەی دانیشتوان لە دە وولاتی جیهان

| وولات | ژمارەی دانیشتوان بە ملیۆن | ریژە (٪) |
|---|---|---|
| چین | ۳۰۰.۱ | ۱۹ |
| هند | ۲۰۰.۱ | ۱۷ |
| امریکا | ۳۰۰ | ٤ |
| ئەندەنوسیا | ۲٥۰ | ٥.۳ |
| بەرازیل | ۲۰۰ | ۳ |
| پاکستان | ۱۹٦ | ۷.۲ |
| نەیجریا | ۱۷٥ | ٤٥.۲ |
| بەنگلادیش | ۱٦٦ | ۳۳.۲ |
| روسیا | ۱٤۳ | ۲ |
| یابان | ۱۲۷ | ۷٦.۱ |

# سەبارەت بەو هەریمە جوگرافیە گەورانەی کە چری دانیشتوانی بەرز دەنوینن و لە سەر نەخشەکانی چری دەردەکەون بریتین لە


- رۆژهەلات و باشورو باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا
- کیشوەری ئەوروپا
- کەناری رۆژهەلاتی کیشوەری ئەمریکای باکوور
- کەنارەکانی غانا لە رۆژئاوای ئەفریقیا
- کەناری رۆژهەلاتی ئەمریکای لاتین لە بەرازیلەوە لە باکوور تاوەکو ئەرجەنتین لە باشوور دەکریت ئاوەرۆی رووبارەکانی (ساو فرانسیسکۆ و بارانا ) بە سنووری ناوەکی ئەم هەریمە دەست نیشان بکریت,
- باکووری ئەفریقیاو باشووری خۆرئاوای ئاسیا
- هەندیك هەریمی تری لاوەکی

# رۆژهەلات و باشورو باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا :



## رۆژهەلات و  باشورو باشووری رۆژهەلاتی ئاسیا :

گەورەترین هەریمی دانیشتوانی جیهانە کە هەریەك لە چین  و هیند کە بە پلەی یەکەم و دووەم دین بە جۆریك یەك بە دوای یەك ژمارەی دانیشتوانیان لە سالی (٢٠١٠) نزیکەی (١٣٠٠ و ١٢٥٠ ) ملیون کەس بووە , بەمجۆرە ریژەی نزیکەی (٥.٣٦%) کۆی دانیشتوانی جیهان و زیاتر لە (%٦٠)ی کۆی دانیشتوانی کیشوەری ئاسیا پیکدینن.




جیا لەم دوو دەولەتە چەندین دەولەتی گەورەی تری وەك (ئەندەنوسیا و ژاپۆن و پاکستان و بەنگلادیش ) دەکەونە چوارچیوەی ئەم هەریمە کە یەك بە دوای یەك ژمارەی دانیشتوانیان نزیکەی (٢٥٠.١٢٧.١٩٦.١٦٦) کەسە, بەمجۆرە ئەم شەش دەولەتە بەیەکەوە (٣٢٨٩) ملیۆن کەسیان پیکهیناوە کە ئەمەش ریژەی نزیکەی (٤٧%)ی کۆی دانیشتوانی جیهان لە خۆ دەگرن, جیگای ئاماژەیە شان بەشانی ئەم دەولەتانە ئەم هەریمە چەندین دەولەتی بچوکتر لە رووی قەبارەی دانیشتوانەوە بە خۆوە دەگرن لەوانە (مالیزیا , فلیبین , دەولەتانی نیمچە دوورگەی چینی هیندی ) .

# کیشوەری ئەوروپا



# کیشوەری ئەورووپا




چری دانیشتوان لەم کیشوەرە بە شیوەیەکی گشتی بەرزە  لە ئەنجامی ئەم هۆکارانە :

۱- ئەم کیشوەرە لە لایەکەوە بیابانی ووشك و چۆل بە خۆوە ناگریت

۲- پشتینەی ناوچەی زۆر سارد رووبەریکی بچوك پیکدینیت کە دەکەویتە ئەو پەری بەشەکانی باکووری,

۳- بوونی دەرامەتی کانزایی و دەشت و خاکی بە پیز و دارستان لە زۆربەی بەشەکانی, لەرووی قەبارەی دانیشتوانەوە دوا بەدوای هەر یەك لە کیشوەرەکانی (ئاسیاو ئەفریقیا) وە دیت  لە گەل ئەوەی ئەم کیشوەرە چەندین ملیۆن کەسی لە دانیشتوانەکەی لە شیوەی کۆچ بەرەو جیهانی نوی و هیندیك بەشی جیهانی کۆن ناردووە. بەلام چری دانیشتوان تییدا هەر بە بەرزی ماوەتەوە. بە شیوەیەکی گشتیش ئاستی گوزەرانی دانیشتوان لەم کیشوەرە بەرزە بە هۆی بلاوبوونەوەی پیشەسازی لەزۆربەی دەولەتەکانیدا ئەمە جگە لەوەی کە زۆربەی دانیشتوانی کیشوەرەکە شارنشینن بە تایبەت لە بە شەکانی رۆژئاوایدا

# کەناری رۆژهەلاتی کیشوەری ئەمریکای باکوور



## کەناری رۆژهەلاتی کیشوەری ئەمریکای باکوور

ئەو هەریمە بە گرنگترین ناوەندەکانی ئاوەدانی هەریەك لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو کەنەدا دادەندریت, و زۆربەی دانیشتوانەکەشی لە بنەچەی ئەوروپین کە لە سەدەی شازدەهەمەوەلەئەوروپاوە کۆچیان کردووە بۆ ئەو شوینە, بەجۆریك ژمارەی دانیشتوانی ئەم کیشوەرە پیش دۆزینەوە جوگرافیەکان لەدوو ملیۆن کەس زیاتر نەبووە .



# کەنارەکانی غانا لە رۆژئاوای ئەفریقیا




# کەنارەکانی غانا لە رۆژئاوای ئەفریقیا




بە نیشتمانی سەرەکی زنجییە رەسەنەکان دادەندریت و نەژادی ئەورووپی لە نیو دانیشتوانەکەیدا زۆر دەگمەنە و زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی لە گوندەکان دەژین , دەکریت بە ئاسانی دانیشتوانی کەناراو لە دانیشتوانی هەریمی ناوەوە جیا بکەینەوە, بەلام لە ناوەراستدا پشتینەیەکی گواستراوە لە نیوان هەردووکیان دەبیندریت کە دانیشتوانیکی کەم بە خۆوە دەگریت و بە پشتینەی ناوەراست دەناسریت, جیگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو هەریمە لە تەواوی بەشەکانی جیهان زیاتر کەوتبووە ژیر کاریگەری بازرگانی کردنی بە کۆیلە


# كەناری رۆژهەلاتی ئەمریكای لاتین



**کەناری رۆژهەلاتی ئەمریکای لاتین**

**لە بەرازیلەوە دەست پیدەکات تا دەگاتە ئەرجەنتین دەکریت ئاوەرۆی رووبارەکانی (ساوفرانسیسکۆ و بارانا ) بە سنووری ناوەکی ئەم هەریمە دەست نیشان بکریت,**

**بەجۆریك لەرۆژئاوای ئەو دوو رووبارە پشتینەیەکی هەژار بە دانیشتوان دەردەکەویت بەلام گرنگترین شارەکان و دانیشتوان لە ناوچەی بان و کەناراو دەبیندریت.**



# باکووری ئەفریقیاو باشووری خۆرئاوای ئاسیا



## باكووری ئەفریقیاو باشووری خۆرئاوای ئاسیا


هەریمی شارستانییە کۆنەکانی جیهانە کە کۆنترین کۆمەلگای ئادەمی جیگیری بە خۆوە بینیوە . داهینای کشتوکال کردن و ریگای ئاودیری پیشکەوتوو لەم هەریمە دەرکەوتووە وولاتانی دەکەونە چوار چیوەی ئەو هەریمە جگە لە وولاتانی عەرەبی هەریەك لە تورکیاو ئیرانیش دەگریتەوە .

**هەندیك هەریمی تری لاوەکی هەن** کە لە رووی رووبەرو دانیشتوانەوە سنووردارن بەلام چری دانیشتوانیان تیدا بەرزە بە بەراورد بە دەورو بەرەکانیان گرنگترینیشیان (کۆماری باشووری ئەفریقیا و بلشووری رۆژهەلاتی ئوستراليا)یە




# ناوچه کەم چرەکان






# ناوچە کەم چڕەکان






ناوچە ساردەکان کەمترین
دانیشتوان بە خۆوە دەگرن
بەجۆریك لە هەردوو
جەمسەرەکە کە (١/١٠)
ی کۆی رووبەری ووشکانی
پیکدینن کەچی
(١:٥٠٠٠) ی دانیشتوانی
جیهان زیاتر بەخۆوە
ناگرن

# بیابانەکان



توزيع الصحاري
في العالم
صحاري حارة
صحاري معتدلة
ش
جرينلاند
المحيط المتجمد الشمالي
أمريكا الشمالية
أوروبا
آسيا
صحراء التركستان
صحراء جوبي
الصحراء الكبرى
إفريقيا
أمريكا الجنوبية
صحراء أتاكاما
صحراء بتاجونيا
المحيط الأطلنطي
المحيط الهادي
المحيط الهندي
صفر
٥٠٠٠
ك.م.
القارة القطبية الجنوبية

# ناوچه بیابانه کان


زیاتر له(١٥%) ی کۆی رووبەری ووشکانی پیکدینین کەچی (١:٧٠) ی دانیشتوانی جیهانیان زیاتر تیدا نییه گرنگترین ئەو بیابانانه بریتین له بیبانی گەوره له باکوری ئەفریقیاو بیابانی کەلهاری و نامیبیا له باشوری قارەکه

هەرچی بیابانەکانی ئاسیان بریتین له بیابانی ربعی خالی له سعودیەو و بیابانی نەقەب له فەلەستین و و سینا له میسرو لوت له ئیران و ئوردوس له جین

هەروەها له ئەمریکای باکور بیابانی حەوزی کەوره له رۆژئاوای قارەکەو بیابانی موهاڤی له باشوری کالیفورنیا

له قارەی ئەمریکای باشوور هەریەك له بیابانی باتاكۆنیا له کۆلۆمبیاو بیابانی ئەتاکاما له شیلی


ئەمەجگه له بیبانی ئوسترالیا



# ناوچه گەرمه شیدارەکان



## ناوچە گەرمە شیدارەکان




دابەشبوونی دانیشتوانیان تیدا جیاواز دەبیت بە جۆریك هیندیك بەش لەم ناوچانە دانیشتوانیان کەمە وەك ئاوزیلی (ئەمەزۆن وکونغۆ) لە بەرامبەردا هیندیك بەشی تریان دانیشتوانیان زۆرە وەك دوورگەکانی (کاریبی و ئەندەنوسیا)

# ناوچە شاخاویەکان





## ناوچە شاخاویەکان


بە شێوەیەکی گشتی ناوچە شاخاوییەکان دانیشتوانیان کەمە وەك لە چیاکانی (هیمالایا ) لە ئاسیاو ( رۆکی ) لە ئەمریکای باکوورو  بە شەکانی باشووری چیاکانی (ئەندیز) لە ئەمریکای لاتین. بە جۆریك ئەم ناوچانە کەمتر لە ٢٪ ی دانیشتوانی جیهان بە خۆوە دەگرن.





- پرسیار ئایا چاوەڕوان دەکریت شیوازی دابەشبوونی دانیشتوان لە جیهاندا گۆڕانی بە سەردا بیت
- وەلام / بەلی  لەبەر ئەوەی دابەشبوونی دانیشتوان پەیوەستە بە بڕی دەرامەتە سروشتیەکان جا لەبەر ئەوەی ئەم سامانانەش سیفەیەکی جیگیریان نییەو لە گۆڕاندان هەر بۆیە پیشبینی ئەوە دەکریت کە ئەم دابە شبوونەش گۆڕانی بە سەر دابیت . بەجۆریك هیندیك ناوچە لەوانەیە سامانەکانی بەرەو نەمان و کەمبوون بچن لە بەرامبەردا هیندیك سامانی تر لە هیندیك ناوچە بدۆزرینەوە کە پیشتر ئاوەدان نەبووە بە دانیشتوان

# دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی بازنەکانی پانی



## دابەشبوونی دانیشتوان بە پیی بازنەکانی پانی

- ١- کەمتر لە ١٠٪ی دانیشتوان لە نیوە گۆی باشوور دەژین
- ٢- ئەم ریژەیە لە نیوە گۆی باکوور لە نیوان بازنەکانی پانی (٠ -٢٠) یباکوور دەژین
- ٣- نزیکەی (٥٠٪) ی دانیشتوان لە نیوان بازنەکانی پانی (٢٠-٤٠) باکوور هەن
- نزیکەی (٣٠٪)ی دانیشتوان دەکەونە نیوان بازنەکانی (٤٠- ٦٠) ی باکوور
- کەمتر لە ١٪ ی دانیشتوان لە باکووری بازنەی پانی (٦٠) ی باکوورن
- بەمجۆرە نزیکەی ٥/٤ ی دانیشتوانی جیهان لە نیوان بازنەکانی (٢٠ -٦٠) ی باکوورن

